# بەرنامەی سەرچاوە سرووشتی یەکان

ئایا حەزدەکەیت کار بکەیت لەگەڵ ئاژەڵ و سرووشت؟
ئایا حەزدەکەیت بگەریی بەدووای کار دا یەکسەر پاش دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت هەلی کار یان خوێندنت دەست کەویت لەدەرەوەی وولات؟
ئایا حەز دەکەیت بەدەست پێکردن لە کۆمپانیایی تایبەت بەخۆت لە ئایینە؟
ئایا حەزدەکەیت فێربوونیکی گەورەت دەستکەوێ و لەهەمان کاتدا گەشەبدەیت بە یەکێک لە ئارەزووکانت؟
کەواتە بەرنامەی سەرچاوەی سرووشتی یەکان لەوانەیە گونجاوبێت بۆت.

لە بەرنامەی سەرچاوەی سرووشتی یەکان زنیاریەکی گەورەت دەست ئەکەوێت لەسەر ئاژەل و سروشت و پەرەسەندنی بەردەوام. بەلام هەروەها هەلیکت بۆ دەرەخسی بۆ تەرخانکردنی خودی خۆت بۆ شتیک کە پێشتر بەقەدحەزیک بووەبۆت، وەک ئەسپ، باخچەداری، یان راوکردن و راوکردنی ماسی،و بەم رێگایە دەتوانی ئامادەکاری بکەیت بۆ ئەوەی ئارەزوەکەت بکەیت بە کارەکەت، یانیش دەتوانی خولی زیاتر بخوێنی لەپێناو بەردەوامبوونت لە خوێندن لە زانکۆ.

زۆر باویشە ئەوانەی لەگەڵ ئاژەڵ و سرووشت دا کاردەکەن کۆمپانیای تایبەت بەخۆیان دەست پێدەکەن. لەبەرئەوە فێربوونت دەست ئەکەوێت لە ئابووری و کاری سەربەست.

سەرچاوەی سرووشتی شتیکە لەهەموو جیهان دا بوونی هەیە. لەرێگای شارەزایی لە زمان و بایەخدان بە کەلتوری تر هەلی باشت بۆ دەرەخسی بۆ کارکردن یان خوێندن لەدەرەوەی وولات پاش تەواو بوونت لە خوێندن لە بەرنامەی سەرچاوە سرووشتی یەکان.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر بەرنامەی سەرچاوە سرووشتی یەکانت هەلبژارد دەتوانی یەکسەر پاش تەواو بوونت لە قوتابخانەی دواناوەندی بەدووای کاردا بگەرێیت، بەلام دەتوانی هەروەها بەردەوامبوون لەخوێندن هەلبژێری. دەتوانی خوێندن هەلبژێری لە پەیمانگای تەکنیکی بالا، یان خولی پیشەیی کورت لە زانکۆی سویدی لە بارەی زانستی کشتوکالی (SLU).

لە بەرنامەی سەرچاوە سرووشتی یەکان دەتوانی خولی خوێندن هەلبژێری کە شایاندن پێ دەبەخشێت لە سەرچاوە سرووشتی یەکان. بەمەش دەتوانی پێشکەش بکەیت بۆ بەدەست هێنانی فێربوونی بالا لە زانکۆی سویدی بۆ زانستی کشتوکالی وهەروەها پەیمانگای بالاو زانکۆی تر. لەوانەیە لە قوتابخانەکەت بوارێکی تایبەت هەبێ کە شارەزایی یەکی زانستیت پێ بدات لە سەرچاوە سرووشتی یەکان. پرسیار بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی!

## ئەوکارانەی کە دەتوانی بەدەستی بینی

لەگەڵ تەواووبونت لە خوێندن لە بەرنامەی سەرچاوە سرووشتی یەکان دەتوانی بەدووای هەندێ کاردا بگەرێیت. بۆ نموونە دەتوانی کاربکەیت وەک بەخێوکەری ئەسپ، جوتیاری مەرو ماڵات ، بەخێوکەری ئاژەلی باخچەی ئاژەلان، لە پزیشکی ئاژەڵ، کشتوکالی، باخچەداری، یاریگاکانی گۆلف، دارستان، راو، بایەخدان بە ئاژەلی کیوی، سەرچاوەی ئاوو وسامانی ماسی.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی سەرچاوەی سرووشتی پیکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندی لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە لەسەر هەموو قوتابی یەک لە قوتابخانە دوواناوەندی یەکان. لەکاتیکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی سەرچاوەی سرووشتی یەکان،و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

ئەم بەرنامەیە بواری تایبەتی نیشتمانی نی یە. لەجیاتی ئەوە قوتابخانە هەلی دۆزینەوەی بواری تایبەتیت بەخۆی بۆ دەرەخسینی. نموونە ئەم تایبەتی یانە زەوی کشتوکالی، دارستان، باخچەداری، بایەخدان بە ئاژەل، بایەخدان بە ئەسپان، سەرچاوەی ئاوو وسامانی ماسی، راوو بایەخدان بە ئاژەلی کیوی وگەشت وگووزار لە سرووشت.

لەوانەیە ئەو بوارە تایبەتمەندانە کە سەرنجت رادەکیشی لەشوێنی نیشتەجیبوونت نەبی، پرسیار لە بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلەبژاردەکانی پیشەیی لە بوارە تایبەتی یەکانی و لە چی شوێنیک لەوولات کە مرۆڤ دەتوانیت لی بخوێنیت، ئەوسا هەلی وەرگرتنت بۆ خوێندن بۆ رێکدەکەوێ بەهەرحال.

## پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکی

لە رێگەی بەرنامەی سەرچاوەی سرووشتی یەوە پەیوەندیت دەست ئەکەوێت بە ژیانی پیشەیی یەوە لەکاتی خوێندنت لە قۆناغی دواناوەندی. و بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن (APU). قوتابخانە هەلدەستی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای جیاواز و شوێنی  کارکردن بە ئامادەکردنی شوێنی مەشق پێکردن بۆت لەوناوچەیەی کە نیشتەجیی. شوێنی  مەشقی کار بەندە لەسەر ئەو بوارە تایبەتی یەی هەلبژێردووە مەشق کردن لە شوێنی  کارکردن ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهینی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە ریک بخرێت.

## ئایندە و هەلی کارکردن

ئەو کۆمپانیانەی کە کارەکەن لە بواری کشتوکالی و باخچەداری و دارستان پێویستی بە دامەزراندنی کارمەندی نوێ یە، بەلام لەوانەیە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کارمەند نەبێت. ئەگەر ئاسان یان گران بێت دەستکەوتنی کار بەندە بە ئەو بوارە تایبەتی یەی کە هەلی دەبژێری و ئامادەبوونت بۆ گواستنەوە یان رۆشتن بۆ شوێنی کار لە ناوچەیەکی دوورە لە شوێنی نیشتەجیبوونت. ئەگەر بەردەوام بوویت لە خوێندن پاش قۆناغی دواناوەندی لەوانەیە ئاسان تر بیت بۆت کارت دەست کەویت. ئەگەر بزانی چی یە کە دەتەوی ئیشی لەگەڵ بکەیت لە ئاییندە لەوانەیە بتوانێت کۆمپانیایەکی تایبەت بەخۆت دەست پێبکەیت.